# کۆگنەتیڤیزم



فایەق سەعید دەینوسێت
سوید
faiekk@hotmail.com

●سەرهەڵدانی بیری کۆگنەتیڤانە، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە لەناو هەناوی هیومانیستەکانو پۆزەتیڤیزمەکانەوە لە پەنجاکاندا هاتە کایەوە. لەلایەك چۆمسکی وەکو داهێنانێکی نوێ پەردەی لەسەر رەهەندێکی نوێی زمان لابرد، ئەویش رەهەندی سایکۆلۆجیی زمانەو لەلایەکی دیکەشەوە، هیومانیستەکان گەشەیان بە پرۆگرمەکانی خۆیان دا. دەروونناسیی کۆگنەتیڤیزمەکانو هیومانیستەکان لەم کاتەدا وەکو ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ئەو زانستەی بیهەیڤۆریستەکان و دەرونشیکارەکان هاتنە ئاراوە، کە تا ئەو رۆژگارە لە بواری دەروونناسیی ئەمریکیدا زانستی باو بوون. کۆگنەتیڤیزمەکان دەستیاندایە ئەو بوارانەی کە بیهەیڤۆریستەکان پشتگوێیان خستبوو، کە بریتیبوون لە دیراسەکردنێکی زانستییانەی ئەو پرۆسانەی لەناو مێشکدا دەگوزەرێن. هۆکاری ئەمەش لەوەوە سەرچاوەدەگرێت کە بیری کۆگنەتیڤیزم پێیوایە میکانیزمی کارکردنو خوێندن پەیوەندییەکی سەرەکیی بە پرۆسەی بیرکردنەوەوە هەیە کە لەناو مێشکدا قەراردەگرن.

زۆرێك لە پەروەردەناسەکان، سوودیان لە هەندێك تیۆری بیهەیڤوریستەکان بینی، بەتایبەت لە بواری پاداشتو سزادا. سکینەر لەم بوارەدا توانی بە کتێبێك لەسەر تەکنیکی دیداکتیك، رۆڵێکی بەرچاو لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا بگێڕێت. ئەو هونەرەی کۆنگنەتیڤیزمەکان لەم بوارەدا نواندیان، بریتیبوو لە دۆزینەوەی رێگاچارەی نوێ لە بواری بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوەدا، کە دواتر لەسەر دەستی (پیاژێ) بواری پەروەردە سەروژێر کرا.

پیاژێ لە بواری پەروەردەدا، گەلێك داهێنانی نوێی یاداشتکرد. لێرەدا دەکرێت ئاماژە بۆ دوو پرەنسیپی هەرە گرنگی پیاژێ بکەین کە رێڕەوی قوتابخانە رۆژئاواییەکانی بەتەواوی گۆڕی. ئەم پرەنسیپانەش بریتیبوون لەوەی کە چیتر ئەوە بەس نییە خوێندکار تێکستەکان بخوێنێتەوەو لێیان تێبگات، بەڵکو دەبێت توانای ئەوەی هەبێت بە شێوەیەکی رەخنەگرانە واقیعی رۆژانەو تێکستەکانی ناو کتێبەکان بخوێنێتەوە. بە هەمانشێوەش دەبێت خوێندکار توانای بەرهەمهێنانەوەی زانستی هەبێت. داهێنانەکانی پیاژێ، قوتابخانەکانی خستە بەردەم ئەرکێکی زۆر سەخت، کە سەرئەنجام ئەمرۆ لە زۆربەی قوتابخانە رۆژئاواییەکاندا، تەنانەت لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە، زانستەکانو واقیعیش بەرهەمدەهێنرێنەوە، لە کاتێکدا لە وڵاتی ئێمەدا، تەنانەت لە زانکۆکانیشدا، زانستەکان لەلایەن مامۆستاکانەوە بۆ خوێندکارەکان دەگوێزرێنەوە. ئەو کتێبانەی پیاژێ لەبارەی گەشەسەندنی زمانو ستڕەکتوری بیرکردنەوەکانی منداڵ لە قۆناغە جیاوازەکاندا نووسی، ئەورووپای رۆژئاواو ئەمریکای بەتەواوی هەژاندو ئەو بابەتانە بوونە جێگای مشتومڕێکی زۆر گەرم، بەبێ ئەوەی نەیارانی پیاژێ بەڵگەی زۆریان دژ بە لێکۆڵینەوەکانی پیاژێ هەبێت. تیۆرییەکەی پیاژێ کە بە ستڕۆکتورالیزمی جێنێتیك ناودەبرێت، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە بیرکردنەوەو ئاکاری نوێ لەلای منداڵان لە بیرکردنەوەو ئاکارە کۆنەکانەوە سەرهەڵدەدەن، کە دواجار ئەمەش پەیوەندیی بە گەشەسەندنی مێشکی منداڵانەوە هەیە، لە هەر چوار قۆناغەکەی گەشەسەندنی منداڵان. خودی ئەم تێگەیشتنەی پیاژێ، راستو رەوان پێچەوانەی تێگەیشتنی زۆربەی بیهەیڤیوریستەکان بوو. بەمشێوەیە فیکری پۆزەتیڤیزمو بیهەیڤیوریزم جێگایان بۆ کۆگنەتیڤیزم، تەنانەت لە سەنتەری خودی ئەو دوو قوتابخانەیەش چۆڵکرد.

برانەر دەروونناسێکی ناوداری دیکە بوو، کە رۆڵێکی گەورەی لە گەشەسەندنی کۆگنەتیڤیزمدا بینی. ئەم پیاوە دەیوست بە سوودوەرگرتن لە تیۆرییەکانی دەروونناسی، لەبارەی گەشەسەندنی منداڵانو شێوەی بیرکردنەوەیانەوە، بنەمای پەروەردەیەکی هاوچەرخ دابنێت. زۆر لە زاناکان پێیانوایە برانەر بەسەرکەوتوویی توانی دەرونناسیو پەروەردەناسیو دیداکتیکی وانەبێژیی بەیەکەوە گرێبدات بۆ ئەوەی دواجار بتوانێت بەرهەمی گرینگ لەبواری دیداکتیکدا بخاتەروو. برانەر ئەوە یاداشت دەکات کەئەگەر بێت و زانستەکانی قوتابخانە هاوسۆزی لەگەڵ خوێندکارەکاندا نەبێت و گوزارش لەویستەکانی ئەوان نەکات ئەو زانستە دەبێتە زانستێکی بێکەڵك. لەهەمان کاتدا برانەر لەسەر ئەوە سوور بوو کەدەکرێ بۆ هەموو خوێندکارێك شێوازێکی تایبەتی وانەووتنەوە دابهێنرێت. ئەم داهێنانەی برانەر وەڵامێك بوو بۆ ئەو پەروەردەزانە کلاسیکیانەی کەپێیان وابوو قوتابخانە ناتوانێت ئەو هەموو رەنگە لەخۆی بگرێت. ئەم بیرکردنەوەیەی برانەر لەناوەراستی هەشتاکان و سەرەتای نەوەتەکاندا بەشێوەیەکی عەمەلی خرایە بواری پیادەکردنەوەو ئەمرۆ لەهەموو وڵاتە رۆژئاواییەکاندا بەشێوەیەك لەشێوەکان هەیەو لەژێر ناوی تایبەتیزەکردنی وانەووتنەوەدا رەنگی داوەتەوە. خاڵێکی دیکەی برانەر بریتی بوو لەگۆرینی سەرجەمی دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی و بەستەنەوەیان بەدەزگا پەروەردەییەکانەوە. لەسەرەتای نەوەتەکانیشەوە هەموو قوتابخانەکانی رۆژئاوا بەشێوەیەکی زۆرباش بەو دەزگایانەوە (نەخۆشخانە، پۆلیس، دەزگاکانی راگەیاندن ... هتد) گرێدراون.

هونەرەکانی سەرکەوتنی برانەر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەلەکاتی دارشتنی تیۆرییەکانی دیداکتیکدا توانی دەرونناسی و پەروەردەناسیو کۆمەڵناسی ئاوێتەی یەکدی بکات و لەبەر رۆشنایی گەشەسەندنی مێشکی منالاّندا دووبارە دایانبرێژێتەوە سەرجەمی پرۆسەی پەروەردەی بێ رەنگریژ بکات . برانەر قورسایی خۆی لەبواری دانانی پلانەکانی خوێندنیشدا هەبوو. کاتێك برانەر و کۆگنەتیڤیزمەکانی دیکەش پێیان وابوو پرۆگرامەکانی خوێندن دوورە لەویست و ئارەزوو پێداویستی خوێندکاران زۆر تیۆری لەبارەی پلانەکانی فێرکردن و خوێندنەوە خرانەروو. یەکێك لەو تیۆرییانە کەپێی دەوترێت پلورالیزمی کۆگنەتیڤ قورسایی خۆی خستە سەر ئەوەی کەدەبێ پلانەکانی فێرکردن لەگەڵ پرۆسەی بیرکردنەوەی خوێندکاراندا هاوئاهەنگ بێت. بەشێك لەم پلانانە پێیان وابوو کەپلانەکان دەبێت لەگەڵ توانای زمانەوانی خوێندکاراندا گونجاو بێت و بەشێکی دیکەش پشتیان بەتیۆرییەکەی گاردنەر بەستبوو کەپێی وابوو مرۆڤ فرە رەهەندەو خاوەنی حەوت توانای تایبەتە کەبەشێکیان بریتین لەلۆجیکی ماتماتیکیانە، زمان، مۆسیقا ... هتد. بۆیە پلانەکانی فێرکردن و خوێندن دەبێ بەشێوەیەك دابرێژرێن کەبتوانن ئەم بەهرەو توانایانە بوروژێنن. بەدانانی ئەم پلانانە سیستمی خوێندن و پەروەردەکردن زۆر گرفتی لەکۆڵ بووەوە کەئەمرۆ سیستمی پەروەردەیی کوردستان پێوەی دەناڵێنێت. بەڵام زۆر زۆر ئاستەمە ئەم کابینەیەی ئێستای کوردستان بتوانێت پلانێکی فێرکردن و خوێندن بەمانا رۆژئاواییەکەی دابنێت. دانانی پلانێکی وا زۆر گرفتی گەورەمان بۆ چارەسەر دەکات لەوانە رزگار بوون لەمەنهەجە کۆنانەکان، گەشەسەندنی دیداکتیك، پەیداکردنی فرە رەهەندی لەپرۆسەی پەروەردەدا، بەرزکردنەوەی توانای خوێندکاران لەبواری بەرهەمێنانەوەی زانستدا بۆ ئەو ئاستەی پیاژێ بەر لە ٧٠ ساڵ هەوڵی بۆ دەدا.